# تەحسین تەها
# ئەو هونەرمەندەی شانۆی خوێند، بەڵام بووە ئەستێرەی گۆرانیی کوردی



**سترانبێژی لێهاتووی کورد تەحسین تەها ئامێدی لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ دا هاتۆتە ژیانەوە. بە هۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە، لە گەلێک شار و شارۆچکە و ناوچەی دەڤەری بادینان ژیاوە، تەحسین خوێندنی لە ناوچەی مانگیش و باتووفە و شاری دهۆک تەواوکردووە و دوای خوێندنی قۆناغی ناوەندی، چووەتە بەغدا و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیراوە و خۆی فێری ئامێری عوود ژەنین کردووە، پڕۆڤەشی لەسەر سترانبێژی کردووە ئەو کاتەش هاتوچۆی ئێستگەی رادیۆی کوردی کردووە لە بەغداو سترانی بەسۆزی لەو ئێستگەیەدا پێشکەش بە گوێگران کردووە.**

ئاوازەکانی ئەم هونەرمەندە پتر لە ئاوازی میللی و کەلەپووری هونەری نەتەوایەتی کوردەوە وەرگیرابوون و گیانی ژیانی گوند و لادێیان پێوە دیاربوو، هەموویان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەڤین و خۆشەویستییەوە سەریان هەڵدابوو زۆربەی ئەو ئاوازانەیشی لەسەر مەقامی (بەیات) دەگوتران.

مامۆستا جەمال محەمەد سەبارەت بە تەحسین تەها دڵێ: تەحسین بەر لەوەی هونەرمەند بێت پێشمەرگەیەکی بە وەفا بوو بۆ وڵاتەکەی و هەستی نەتەوەیی تەحسین لە سەرەتای ژیانی لەگەڵی چەکەرەی کردووە و بەردەوام بووە تا دوایین ساتی تەمەنی بۆیە دەبینین هەمیشە لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ رووی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندی بە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردەوە کرد لەگەڵ خاڵێکی بە ناوی عومەر، لە ساڵی ١٩٦٣ دەستگیر کرا لە زیندانی (خلف السدە) لە بەغدا دواتر بڕیارێکی لێخۆشبوونی گشتی دەرچوو کە ئەویشی گرتەوە، لە بواری هونەریش لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست پەروەردە بووە و دەتوانم بڵێم زۆربەی گۆرانییەکانی لە هۆنراوەی باوکی و ئاوازی خۆی بووە، بۆ خۆیشی گرنگییەکی زۆری بە سەرکەوتنی کارەکانی دەدا، سەرەتا هەوڵیدەدا چۆن تێکست هەڵبژێرێت کە ئاسان بێت و خەڵك بە ئاسانی تێی بگات و تێیدا سەرکەوتوو دەبێت و کاریگەری لە دەروون و ناخی خۆی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاوازێکی گونجاوی





بۆ دابنێت بۆیە دەبینین ئێستاش چەندین هونەرمەند هەن لە هەموو پارچەکانی کوردستان سوودیان لە کارەکانی بینیوە، رەنگە زۆر کەس باوەڕ نەکات کە نەمر تەحسین تەها لە ساڵی ١٩٦٤ بەشی شانۆ لە پەیمانگا تەواو کرد، و دەکرێت بە مامۆستای پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەی مەخمووری سەرەتایی لە پارێزگای هەولێر گەلێک چالاکی هونەریی لەبواری مۆسیقا و سروودی نیشتمانی لە و شارۆچکەیەدا دەنوێنێ و بزوتنەوەی شانۆش لە شارۆچکەکە پێش دەخات و ماڵەکەشی دەکاتە مەڵبەندێکی هونەریی و یانەی مۆسیقازان و گۆرانیبێژانی کورد.بەڵام بە هۆی حەز و ئارەزووی بۆ موزیك و پەیوەندیی لەگەڵ هونەرمەندان هانیاندا بۆ ئەوەی رووی لە بەشی موزیک بکات .

سەبارەت بە کارە هاوبەشەکانیان مامۆستا جەمال دەڵێ: رەنگە زۆر کەس ئاشنای ئەوە نەبن کە من و نەمر تەحسین تەها کارێکی زۆر گەورەمان بە یەکەوە ئەنجامداوە، دوایین بەرهەمەکانی من و بەدرخان برای کارم بۆی کردووە لە ساڵی ١٩٨٨، ئەو کات بە نهێنی دەهاتە دهۆك بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، ئێمە نەماندەزانی بۆچی وا بە پەرۆشە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە بۆ ئەنفال و ئەو زوڵمە بوون کە بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە لەو سەردەمە گۆرانییەکانیش بریتی بوون لە (د گەریا مندا هیشك بوون، هەی بارانێ هەی بارانێ، من خەم دەریایەکا کویرە، وەی دنیایێ) دواتریش لە ساڵی ١٩٩١ ئەم گۆرانیانەمان وەك بەرهەمێکی سەربەخۆ بڵاو کردەوە، لە دوای راپەرینی پیرۆزیش یەکەم کۆنسێرت کە لە شاری دهۆك ئەنجامماندا بە بەشدار تەحسن تەها بوو لەو کۆنسێرتەدا داوای لە سەرکردایەتی کورد کە هەستن بە پێوە و بڵێن (دێ سویند خوین ب کوردستانێ دێ ب راستی چینە ژیانێ).

لەنێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩)دا هونەرمەند تەحسن تەها، لە سێ ئۆپەرێت وەك ئەکتەری سەرەکی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی وەك: سەلام مەحموود عەدۆ، سوبحی کۆیی،تەحسین سابیر، جودەت مەحموود، کوردۆ گەلاڵی، ئەسعەد عومەر، ئامانج یونس(ئەو دەمە منداڵ بوو).

**ئۆپەرێتەکان بریتی بوون لەمانە:**

**• ئۆپەرێتی داستانی شۆڕش نووسینی شاعیر مەدحەت بێخەو، ئاوازدانەران: وریا ئەحمەد، جان تۆماس، تەلعەت عارف، رەنجبەر حەسەن، سەید ئەحمەد بەرزنجی، دەرهێنانی تەحسین تەها، و یاریدەری دەهێنەر سوبحی کۆیی بوو، ئەم ئۆپەرێتەش لەساڵی ١٩٧٧دا، لە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی کوردستان و عێراق لەشاری هەولێر و بەغدا دا، خەڵاتی یەکەمی بردەوە.**

**• ئۆپەرێتی ڕووباری ژیان هەر لە نووسینی مامۆستا بێخەو و دەرهێنانی تەحسین تەها،و یاریدەری دەرهێنەر سوبحی کۆیی بوو، ئاوازداران هەمان هونەرمەندانی پێشوو بوون کە ئاماژەم بەناویان داوە و ئەم ئۆپەرێتەش لەساڵی ١٩٧٨دا، لەشاری موسل و هەولێر نمایشکرا و خەڵاتی یەکەمی لەسەر کوردستان و عێراقدا بەدەستهێنا.**

**• ئۆپەرێتی دەرگاکانی ژیان لەنووسینی شاعیر نازم دڵبەند لەدەستپێکی ساڵی ١٩٧٩دا.**

**تەحسین تەهای هونەرمەند لە منالییەوە حەزی لە ستران گوتن دەکرد و یەکەمین سترانیشی بەناوی (ئەشکەرا ناکەم یا لبەر ڤی دلی) لە پەیڤ و ئاوازی خۆی و لە ساڵی ١٩٥٨دا، دایناوە و لە ڕۆژی ١٣- ٤ - ١٩٧١ دا، لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆماری کردوە و هەر بەم سترانەش بوو، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و دوا بە دوای ئەوە لەستران گوتن بەردەوام بوو.**

**تەحسین تەهای هونەرمەند لەو سەردەمەی باری کوردستان سەخت بوو، چووە وڵاتی هۆڵەندا و چەند ساڵێک لەو وڵاتەدا بە ئاوارەیی ژیا، تاکو لە ٨- ٥ - ١٩٩٥ دا لە نەخۆشخانەیەکی ئەو وڵاتە بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە ٤- ٦ - ١٩٩٥ گەیشتەوە کوردستان و لە ئامێدی شاری باب و باپیرانی بەخاک سپێردرا.**



# نەجوا کەرەم:
# خۆشەویستی جوانترین بەڵایە


خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەجوا کەرەم لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (لها) باسی لە زۆر لایەنی ژیانی تایبەتی خۆی کرد و چەند نهێنییەکی بۆ یەکەم جار درکاندە کە تا رادەیەکی زۆر بۆ بەشێك لە جەماوەرەکەی مایەی سەرسوڕمان بوو بەتایبەتی دەربارەی خۆشەویستی.

نەجوا دەربارەی کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە گوتی: خۆشەویستی موسیبەتێکی ئیجابییە، چونکە ئافرەت لە کاتی خۆشەویستیدا هەست بەوە دەکات کە تووشی موسیبەتێك بووە کاتێك هەست دەکات پیاوێك لێی نزیك دەبێتەوە و رازی دڵی خۆی بۆی دەدرکێنی، ئەمەش جۆرێکە لە شەرم کردن و لە هەمان کاتدا تووشی جۆرێك لە گرفت دەبێتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەمە گرفتێکی جوان و خۆشە کە من بە درێژایی ژیانی خۆی چاوەڕێم کردووە، چونکە هیچ موسیبەت و بەڵایەك لەوە خۆشتر نییە کە پیاوێك تۆی خۆش بوێ بە مەرجێك خودی ئەو پیاوە موسیبەت و بەڵا نەبێت.

نەجوا کەرەم یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەمیشە بە وردی چاودێری هەواڵەکانی دەکرێت بۆیە دەربارەی ستایلی خۆی دەڵی: زۆر شێوازی جوان لەبەردەمم تێپەڕیون و زۆریان لە مێشکمدا مانەوە تا ئەو کاتەی توانیم شێواز و کلاسیکی هاوچەرخی خۆمم دۆزییەوە.

دەربارەی تایبەتمەندییەکانی جوانییەکەشی دەڵێ: زۆر کەس پێم دەڵێن لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا تو زیاتر کەمەری خۆت بەدەردەخەی ئەویش بە پۆشینی جلوبەرگی تەسك و بەستنی قایش، من هەر لە منداڵییەوە وام زۆر لە کەمەری خۆم دەکەم.

حەز



# سیلین دیون: دڵم داخستووە

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (کلۆر ئوف زە ئار)ی فەرەنسی باسی لە ئەگەری ئەوە کرد ببێت بە هاوسەری کەسێکی دیکە جگە لە هاوسەری کۆچ کردووی دوای تێپەڕبوونی ٤ مانگ بەسەر کۆچی دوایی رینیە ئەنجلیلی هاوسەری کە پەیوەندیی هاوسەرگیرییان ٢١ساڵی خایاند جگە لەو ماوەیەی کە یەکتریان خۆش دەویست بەر لەوەی بچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

لە سەرەتای دیمانەکە سیلین وتی: هەرچەندە هاوسەرەکەم ٢٦ ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام ئەگەر ئێوە پێتان وابێ من پێوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەبێت، بە دڵنیاییەوە پێتان دەڵێم ئەمە موستەحیلە، من ئافرەتی یەک پیاوم ئەو پیاوەش رینیەە و دڵم لەسەر داخراوە بە کلیل.
سیلین ئاماژەی بەوە کرد کە لەو کاتەوەی بەر لە ٢١ ساڵ کەوتە داوی خۆشەویستی ئەو پیاوەوە سەیری هیچ پیاوێکی دیکەی نەکردووە و گوتی: ئەو پیاو و هێما و مایەی دڵنەوایی من بوو و لە گۆرانییەکانیشمدا تەنیا ئاماژەم بەو کردووە.
شایەنی باسە هەفتەی رابردوو لە ئاهەنگێك کە لە شاری لاس ڤیگاس ساز کرا،خەڵاتی بیلبۆردی بەدەستهێنا لە بری سەرجەم کارە هونەرییەکانی کە لە ماوەی رابردوودا پێشکەشی کردوون، رینیە شارلزی کوڕەکەی خەڵاتەکەی پێشکەش کرد ئەویش پێشکەشی هاوسەری کۆچ کردووی کرد.

# سوشمیتا سین بیری کاتە زێڕینەکانی دەکات

بەشێکی زۆر لە ئەکتەران بەر لەوەی روو لە نواندن بکەن، کاری دیکەیان ئەنجامداوە، وەك مۆدێلی جلوبەرگ، بەشێکیشیان شاجوانی وڵاتەکانیان، یان شاجوانی جیهان بوون و لە رێگای ئەو پێشبڕکێیەوە بەرهەمهێنەرانی سینەما ویستوویانە بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان سوود لە ناوبانگیان وەربگرن.
خانمە ئەکتەری هیندستان سۆشمیتا سین یەکێکە لەوانەی دوای بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی رووی لە سینەما کردووە، لە ٢٢ی مایۆی ١٩٩٤ ئەم شۆخە هیندییە نازناوی شاجوانی گەردوونی بەدەستهێنا، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر ئەم رووداوە ئێستاش سۆشمیتا بە سەربەرزییەوە باسی ئەو ساتە دەکات لەم بارەیەوە لە کۆمێنتێك لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام دەڵێ: ئێستاش بیری ئەو ساتە خۆشانە دەکەم کە هەرگیز لە یادم ناچن، ئەو کات بە بەدەستهێنانی ئەم نازناوە هەموو گەلی هیندستان هەستی بە سەربەرزی دەکرد و ئەم نازناوەی بە دەستکەوتێکی گەورە زانیوە، ئەمەش بۆ من دەستکەوتێکی گەورەتر بوو.
هەر بەم بۆنەیە سۆشمیتا چەند وێنەیەکی نوێ و کۆنی خۆی بڵاوکردەوە و دەنگ و سەدایەکی زۆری لە نێو هەوادارانی ئەم ئەکتەرە هەبووە بەتایبەتی لە هیندستان و بەشێك لە چاودێران دەربارەی بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە پێیانوایە زیاتر نهێنی جوانییەکەی خۆی بەو کەسانە بڵێت کە بەدوای جوانیدا دەگەڕێن.





# (گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم)

# ڕووداوەکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو زیندوو دەکاتەوە



هونەرمەند و دەرهێنەر لوقمان غەریب، خاوەنی چەندین کاری فیلم و زنجیرە درامای جوان و ناوازەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجامی داوە، لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمێکی درێژە بە ناوی (گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم) کە لە ڕێگای ناوەندی بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردی (GAV KURD ART) دەستی بە قۆناغی بەرهەمهێنانی کراوە، لە دیمانەیەکدا سەبارەت بەم کارە نوێیە و بەرهەمەکانی پێشووی بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتەئاخافتن.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە مێژووییانەی کە لە ئێستادا بۆ فیلم و دراماکانی دیاری دەکات، لوقمان غەریب-ی دەرهێنەر و هونەرمەندە دەڵێت: ئەم پرۆژەیە لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرهەمهێنانی ٤ فیلمی درێژدا کە ناوەندی ناوبراو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە دەستی بە ئەنجامدانی کردووە. من لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردووی کارکردنم لە بواری هونەری فیلمسازی و دەرهێنانی درامای کوردیدا هەوڵمداوە ئەو بابەتانە هەڵبژێرم کە گوزارشت لە ئەندێشە و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکات، هەروەها بۆ سەرخستنی پرۆژە هونەرییەکانیش هەمیشە پێکهاتەی باش لە تێکست و تەکنیک و کاستی هونەریی خاوەن ئەزموون و سەرکەوتووم بەکارهێناوە تا بتوانم لە ئاستێکی باشدا بەرهەمەکانم بگەیەنمە بینەر و لەم رووەوە زیاتر لە (٤٠) فیلمی دیکیۆمنتاریم لە بابەت و شێوازی جۆراوجۆر بەرهەمهێناوە.

دراما یەکێکە لەو بوارانەی کە زۆرترین بینەر دەیبنن، چونکە لە رێگای تەلەفزیۆنەوە دەچێتە هەموو ماڵێک، لەم بوارەوە لوقمان غەریب دەڵێ: من لە ساڵی ٢٠٠٧ لە سلێمانی ناوەندی (GAV KURD ART)م بۆ بەرهەمهێنانی هونەری دامەزراند کە تا ئەمرۆش دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەیە و بەردەوام شوێنی کارکردنی هونەرمەندە بەناوبانگەکانە، لە بواری درامای تەلەفزیۆنیدا دەتوانم بڵێم زورترین بەرهەمم پێشکەش چەندین کەناڵ کردووە، واتە بەرهەمەکانی من تەنیا لە یەک کەناڵدا پەخش ناکرێن، وەک هەندێک دەرهێنەری تر، درامام هەبووە لە چوار تا پێنج کەناڵ پەخش کراوە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ درامای (لە گوڵێک کاڵتر)م پێشکەش کرد و لە ٥ کەناڵی تەلەفزیۆنی پەخش کرا، لەوانە (نەوروز، زاگرۆس، کۆرەک، کوردستان تیڤی، گەلی کوردستان). هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ زنجیرە درامای (نامەکانی ئەشرەف) و لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١١ دیسان زنجیرە درامای (رەیحانە)م بۆ کوردستان تیڤی بەرهەمهێنا کە لە مێژووی هونەری کوردیدا یەکەم جارە زنجیرە درامایەکی (٤٠) ئەڵقەیی بەرهەم بهێنرێت، (نامەکانی ئەشرەف و رەیحانە) دوو درامابوون تەواو جیاواز بوون لە رووی ناوەرۆک و ستایل و تەنانەت بەشدارییشەوە، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندە بەئەزموون و ناسراوەکان بەشدارییان تێیاندا کرد، لە ساڵی ٢٠١٢ زنجیرە درامای (دوا بریاری یاقوب)م بەرهەمهێنا و زیاتر لە (٦٥) ئەکتەر رۆڵیان تێیدا گێرا، لەو بەرهەمەدا (١٤) ئەکتەری نوێ بەشدارییان کرد و سەرەرای ئەوەی یەکەم جاریان بوو بێنە بەردەم کامیرا، بەڵام زۆر سەرکەوتووانە رۆڵیان گێرا، (دوا بریاری یاقوب) کە پێکدێت لە (٤٠) ئەڵقە و ماوەی هەر یەکیان (٤٠) خولەکە لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆن-ـەوە مافی بلاوکردنەوەی کرایەوە و لە کەناڵەکانی (کۆرەک تیڤی و کەناڵ ٤) پەخش کرا، ئەمەش بازدانێکی نوعی بوو لە بەرهەمهێنانی درامای کوردی.

سەبارەت بە بەرهەمهێنانی فیلم لە ناوەندی گاف لوقمان غەریب دەڵێ: ماوەی دوو ساڵ لە بەرهەمهێنان وەستام و زیاتر سەرقاڵی نووسینی چەند دەقێک بووم لەوانە زنجیرە درامای (ئەوین لەژێر باڵی تاریکیدا) کە ٣٠ ئەڵقەیە، هەروەها سیناریۆی فیلمەکانی (دانیشتووانی عەلیاوا، بازاڕی کۆنە فرۆشان، سەگەکانی رەزا بەگ، لەبەر بەرژوەندی گشتی و گوڵچین و خەیاڵەکانی رۆستەم) کە ئەمەی دوایییان سەرقاڵی بەرهەمهێنانین و هەردوو فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوا و بازاڕی کۆنە فرۆشان) تەواوبوون و ئێستا ئامادەن بۆ پەخشکردن.

ئەم فیلمانە زۆربەیان باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی جۆراوجۆر دەکەن و توانیمان لە رووی تەکنیک و بەرهەمهێنانەوە نوێکاری بەرچاویان تێدا بکەین و زۆرترین ئەکتەری ناسراو و خاوەن ئەزموون بەشدارییان تیا کردووە و پێموایە قۆناغێکی تازەیە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی فیلمی درێژی دراماییدا کە بەداخەوە ئێمە لەم بوارەدا زۆر هەژارین، دیارە نەبوونی پشتیوانیی دارایی و هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاستەنگی زۆی بۆ ئێمە دروستکردووە، سەرەرای ئەمەش کۆڵمان نەداوە و بە هاوکاری خوشک و برا هونەرمەندەکانمان بەردەوام دەبین.

سەبارەت بە (گوڵچین و باخەکانی رۆستەم)یش لوقمان غەریب دەڵێ: لە رێککەوتی ٢٠١٦/٥/٢٥ یەکەمین گرتەی فیلمەکە لە ئاوایی ناوچەی بازیان تۆمار کرا، لەم فیلمەدا ژمارەیەک هونەرمەندی ناسراو و خاوەن ئەزموونی کورد بەشداریی دەکەن لەوانە:عەلی کەریم، حەمەرەشید هەرەس، شاناز محەمەد، عەبدولی حەمە جوان، کەمال چالاک) و لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆم بەرهەم دەهێنرێت و بە کامێرای ژینۆ عومەر وێنە دەگیرێت، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چوار فیلمی درێژدایە کە (گاف) لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە دەستی بە ئەنجامدانی کردووە، فیلمەکە ماوەی (١٢٠) خولەکە، مێژووی رووداوەکانی بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەرێتەوە، وا بریارە لە ماوەی مانگێکدا کۆتایی بە کاری بەرهەمهێنانی بهێنرێت. گوڵچین و خەیاڵەکانی رۆستەم باس لە تەماع و عینادی و تاوانکاری دوو برا دەکات بەرامبەر بە خێزانێکی رەسەنی ناوچەکە تا دەگاتە رادەی تیاچوونی خۆیان لەو ململانێیە، ئێمە لە یەک کاتدا مەبەستمانە رووی رەخنە لە کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بکەین و بتوانین لە کۆتاییدا خزمەتێک ئەگەر کەمیش بێت بە رەوتی هونەری فیلمسازی کوردی بکەین ئیتر هەڵسەنگاندن و ئاستی بەرهەمهێنانی دەمینێتەوە بۆ بریاری بینەر و کایە هونەرییەکانی کوردستان.



